# موعتادم به تلیاکی هەموو زنجیرێك !!

## زمناكۆ بورهان قانع

zimnaco@hotmail.com



تێبینی :- بەشێكی ئەم قەسیدەیە لە مانگی دوانزەی دوو هەزارو پێنچ دا لە عەممانی پایتەختی وولاتی ئەردەن نوسیومە، پاش هەندێك دەستكاری لە زستانی دوو هەزارو حەوت دا بەمجۆرە مایەوە كە ئێستا دەیخوێنیتەوە.

## پـریفەیس :

" دایەنم گووتی کە کاتی ماڵئاوایی دایکم قاپێك شەرابی ئاڵ کە ژەهری ددانی کوبرا، ماری هیندی تێدا بوو بۆ من دەیداتە دەست پوورم. شەرابی ئاڵ، ئیکسیری مەرگ کە ئاسوودەیی هەمیشەیی دەبەخشێت– لەوانەیە ئەویش ژیانی خۆی وەکو هێشووە ترێ رێك گوشیوەو شەرابەکەی داوە بە من– لە هەمان ژەهر کە باوکمی کوشت– ئێستا دەزانم چ دیارییەکی بە نرخی داومەتێ! "

" سەری شەوێ کە لەسەر مقەڵی تریاك هەستام، هەستم دەکرد کە هەموو شت پووچو کاتیە. ئاسمانی رەشو قیراوی وەك کۆنە دەوارێکی شڕ بوو کە بە ئەستێرەگەلێکی بێ ژمار دابێژ دابێژ کرابێ."

**( سادقی هیدایەت / کوندەپەپووی کوێر )**

### دەقــــــی شــــــیعــــرەکــــە:

لێگەڕێن... با بزانم

ئەم کیشوەرە... هەیەجانی لافاوە ؟؟

یان مەوجی فەرامۆشی من ؟؟

مەقسەدی مەیخانەیەکی پڕ لە زنجیرە ؟؟

یان فرسەتی زستانێکی گرفتار ؟؟

لێگەڕێن...

با شەپۆلی حوزن

بگاتە کەناری پڕ عەزابی من

لێگەڕێن...

با ئەمشەو

بە ئیفتیخارەوە

مەرگ لە روئیەتی خودا وەرگرم

با سەفەحاتی کیتابم

بە فەلسەفەی دەریاو

چەشمی وەحشەتو

ئەفسانەی عەریق

بدڕێنم

لێگەڕێن...

قەلەندەرێك لە مەشرەق

هەدەفێکی دوور

لە عەلامەتی غەمگینی من

بپێکێت

لێگەڕێن... تکا دەکەم

بە روئیایەکی ئەبەدیەت

پەڕەندەیەکی خامۆش سکوت مەکەن

لە فڕین

کە غوربەتی جاویدانی ئەو

ئیحساس دەبەخشێتە

کەلاکی تۆپیوی من

لە تابوتێکی هیلاك دا

من تكا دەكەمو... دەڵێم :ـ

ئەی فەلەكی خۆشبەختی

لەحزەی بەر حیجابی پەنجەرەكەم

كفن مەكە ! !

با دڵی پەڕ پەڕ هەڵوەریوی ماتەمی من

لە لیباسی غوربەتی خۆی

بێتە دەرێ

دۆعا دەكەم

هەتا كوچەیەكی بن بەستی تۆ

بە لەحزەیەكی ماتەم

سكون بداتە كەنارێكی داغ بوو

لە جەهەنەمی بێ نووری من

لێگەڕێن...

با لە شیفۆنی گەڵایەكی تەڕ

بۆ جەستەی رووتو قووتی خۆم

بە بەكرەی عەدەم

بەرگی نا ئومێدی خۆم بدورم

لێگەڕێ... ئەی نا ئومێدی

با بە مۆسیقایەكی پڕ لە ئەفیون

مەلەكوتی خۆم

لە عەرشی تۆ جیاكەمەوە

لێگەڕێ... ئەی بێهودەیی

با لە مینبەری تۆوە

فتوای کوشتنی خۆم دەرنەکەم

لێگەڕێ... ئەی زەنگی ماتەمینی من

با حوزنی تۆ

ئاڕاستەی قیبلەنمای پڕ حیکمەتی من

بۆ لای جنوبی مەرگ

پەلکێش نەکات

نزیك لە مەملەکەتی تاعون

لێگەڕێ... ئەی جادووگەر... ئەی قومارباز

با وەرەقەی سینەکی خۆم

ئیفلاسم نەکات

لە پێڕی پاپازی عەشقو

لە فیردەوسی نەفرینی تۆ

با مەرجانو یاقووتی من

یاری ئەم بلیاردە نەدۆڕێنێت

بە زوڵمەتو دەیجوری تۆ

لێگەڕێن...

موعتادم بە تلیاکی هەموو زنجیرێك

بۆ بەستنەوەی خۆم

لە تەویلەی بۆگەنی ژین

موبتەلام بە حەشیشی هەموو کەونێك

بۆ سەفەر... سەر هەڵگرتن... روەو مەملەکەتی خەیاڵ